مارەیی کردن ئاشکرا بکەن

لە عبداللەی کوڕی زوبەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مارەیی کردن ئاشکرا بکەن».

[حەسەنە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ڕێگەپێدران بە ئاشکرا کردنی مارەیی کردن وهاوسەرگیری بەو شێوەیەی شەریعەت فەرمانی پێکردووە وبڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەم هاوسەرگیرییە شەرعیە لە نێو خەڵیکدا ئەمیش بۆ دەرخستنی خۆشی وئاسوودەیی وبۆ ئەوەی تایبەت بێت وجیا لەو مارەییانەی کە بە نهێنیەوە دەکرێت، لە شێوازەکانی ئاشکرا کردن: بانگکردنی خەڵکی بۆ خواردنی وەلیمە (خواردنی پاش هاوسەرگیری کردن)، ودڵخۆشی دەربڕین لە کاتی مارەبڕین وگواستنەوە ئەمیش بە دەف لێدان دەبێت تەنها بۆ ئافرەتان، وهەروەها شێوازە دەربڕینەکانی تر بە پێی داب ونەریتی ناوچەکە بۆ پیاوان ئەگەر پێچەوانەی ڕێنماییەکانی شەریعەت نەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58065